

لەنێو فایل

# گوناهی لەنجە

ئا: باوکی میدیا

## دۆزینەوەی تەرمێک

نیوەڕۆیەکی ساردوو باراناوی بوو کابرایەکی(٤٥)ساڵی کە بەڕێکەوت ڕێی بەو کۆڵانەدا کەوتبوو، لەگەڵ پێچ کردنەوەی، ڕەنگی سووری گۆماوە بچووکەکەی بەردەمی سەرنجی ڕاکێشا و ساتێك وەستا و وردتر دیقەتیدا، ئەمجا لەسەرەخۆ و هیواشتر بەرەو گۆماوەکە چوو، سەری نەویتر کردەوە و بەرەو ئەو شـــوێنە دەڕۆیشت کە خوێناوەکە ڕەنگە سوورەکەی تۆختر دەبوو، لەپڕ وەستا، بینی لە سووچی دیوارێکدا کچێکی(٢٠)ساڵەیی هەتا بڵێی جوان و شۆخ پشتی بە دیوارەکە داوە و ملیشی لار بۆتەوە، ڕێك وەك ئەوەی حەزی کردبێ لەبن ئەو دیوارە لە ژێر دڵۆپەی بارانی ئەو کاتە سەرخەوێك بشکێنێ، وەها کەوتبوو دەتگوت تازە خەوی لێکەوتووە.

کابـــرا تۆزێك لە کچە ڕاما و ویســـتی بڵێ کچم ئـــەوە بۆ لێرە لەبەر ئەو بارانە خەوتووی هەموو لەشـــت تەڕ بووە، کەچی لەپڕ وەك بروســـکە ژانێـــك بەنێو دڵی داهات و چاوی کردەوە یا ڕاســـتترە بڵێین بەخۆداهاتەوە و چاوەکانی ئەبڵەق و زەق بوون، ســـەرنجی لە جل وشـــانیدا، دەســـتێکی درێژکرد و ویستی بزانێ خوێنەکە لە کوێی دێت، هەر زوو دەستی گەڕاندە دواوە و هەستی بە ترسێکی کوشتندە و یەکجار ڕەشبین کرد. تازە هاتبۆوە سەرهۆشـــی خۆی، ئەوجا زانی ئـــەو کچە مرۆڤێکە و کـــوژراوە و لێرە فڕێدراوە.


کچە هێشـــتا خوێنەکەی گەرمبوو، ئەوەندە خوێنەی لەلەشـــی مابوو، زۆر لەسەرخۆ لە شوێنی گوللەکە دەچۆڕاو دەهاتە دەرەوە، کابرا بەڕاستی ترســـی گەیشتێ خودایە چی بکەم، ئاخر ئەو کچە جوانەیان بۆ کوشتووە، کەســـێك ئەوەنـــدە مرۆڤ کـــوژ و بێویژدان و دڵڕەق بێـــت، کچە جوان و جاحێڵێکـــی وەها بکوژێ، حەتمەن ئێســـتا لە شـــوێنێك خۆی مات داوە و منیش دەبینێ، ئەوســـا ئەگەر عەقڵـــی گرتی لەوانەیە گوللەیەك بنێ بەمنیشـــەوە هەتا زووە بابڕۆم... کابرا ئەو قســـانەی لەدڵی خۆی کرد و چەند هەنگاوێك ڕۆیشـــت تۆزێك ڕاوەســـتا، دەموچاوی سوور هەڵگەڕاو مووەکانی لەشـــی ڕەپ بوون، دەمووچاوی گرژبوو هەناسەی توندتربوون و دڵی زیاتر لێیدەدا، گەڕایەوە دواوە و بە ڕقێکی زۆرەوە ســـەیری گۆماوە خوێنەکەی کردوو بڕیاری خۆیدا.

## ئاگادارکردنەوەی پۆلیس

کابـــرا مۆبایلەکەی گیرفانی دەرهێنـــا و زەنگی لێدا، دوای نزیکەی چارەگە سەعاتێك دووسێ ئۆتۆمبێلی پۆلیس بە چەند پۆلیس و ڕێپیدراو و ئەفسەرێکەوە گەیشتنە شوێنەکە و کابرا چووە پێشەوە و خۆی پێناساندن و گوتی: ناوم خۆشـــەوییە، ئەم نیوەڕۆیە، کە هەمووی ٢٠خولەکێك دەبێ بێرەدا ڕەتبـــووم و بەرێکەوت ئەم تەرمەم لێرە بینی و زەنگم بۆ ئێوە لێدا.. قسەکانی خۆشەوی تۆمارکرا و دەستکرا بە پشکنینی شوێنی ڕووداوەکە و هەرچی لەوێ هەبوو هەمووی تۆمارکرا و پاشان تەرمەکە بردرایە پزیشکی دادی و لەوێ پشـــکێنرا، لە پشـــکنین دەرکەوت نزیکەی دوو کاتژمێرێك دەبێ کوژراوە گوللەیەك لەملی دراوە، بۆڕی خوێن و ماسولکەکانی ملی هەڵزڕاندووە و دوو بڕبڕەی ملیشی شکاندووە، دەورووبەری کونی گوللەکە شـــوێنی باڕووت و سووتان هەیە ئەمەش نیشانیدەدات کە زۆر لە نزیکەوە گوللەکەی لێدراوە، دوای تەوابوونی پشـــکنینی پزیشـــکی ڕاپۆرتەکە بە پەراوەکەی کە بۆی کرابۆوە بەســـترا، لێکۆڵینەوەیەکـــی دووروودرێژیش لەگەڵ (خۆشەوی) کرا، دەرەنجامی لێکۆڵینەوە دەریخست کە(خۆشەوی) تەنیا هەواڵدەری ڕووداوەکە بووە و بەس، هیچ پەیوەندییەکی بە تاوانەکەوە نییـــە دوای چەند ڕۆژێك لە لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ دەرکەوت کە ئەو کچە پێشـــتر بە دوو ڕۆژ لە بنکەی چاکسازی نێوجەوانان بووە، هەر کە هاتۆتە دەرەوە ڕۆژی دوایی کوژراوە.

## لەنجە کێ بوو؟

کـــە پۆلیس بە ناوی بنکەکەدا ڕۆیشـــتەوە، دەرکەوت ناوی (لەنجە)یە و وێنەکەشی لە لیســـتەکە درابوو، هۆی مانەوەشی لەو بنکەیە تەنیا بۆ پارێـــزگاری لێکردنی بووە و هیچی تر، بەڵام چۆن هاتۆتە ئەو شـــوێنە؟ توێژەری کۆمەڵایەتی بنکەکە ئەم شێوەیە گێڕایەوە و گوتی: ڕاستییەکەی برادەرانی پۆلیس لەسەر بڕیاری دادوەری تایبەتمەند (لەنجە)یان هێنایە ئێرە،



ـــەکانی دادگاوە

# چی بوو کوژرا؟



(لەنجە) لەماڵی براکەی دەژیا، ماوەیەك بوو گومانی لەبراژنەکەی خۆی هەبوو کە دەســـتی لەگەڵ کوڕێك هەبوو، کاتێك(لەنجە) دەچووە پەیمانگا (چونکە قوتابی پەیمانگا)بوو، براژنەکەی ژوانی لەگەڵ کوڕەکە دادەنا، یەك دووجارێك (لەنجە) خۆی لە بۆســـەدابوو بۆی، ڕۆژێك بە براژنەکەی گوت: ئەمڕۆ زوو دەچمە پەیمانـــگا چونکە تاقیکردنەوەمان هەیە دەچم لەوێ دەخوێنم تا کاتی تاقیکردنەوەم دێت، براژنەکەشی گووتی: باشە بڕۆ کە ڕۆیشت، لە سووچێکی کۆڵانەکەیان خۆی مەڵاس دەدا، دوای کەمێك کوڕێك بەدیار دەکەوێ کە پێنج شەشساڵێك لە براژنەکەی بچووکتر دەبێت، یەکسەر خۆی بە ژووردا دەکات و براژنەکەشی دەرگای حەوشەکە دادەخات (لەنجە)ش بەخێرایـــی دەڕوا و بەتووندی لـــەدەرگا دەدات، پاش تۆزێك برژانەکـــەی دەرگاکە دەکاتەوە،(لەنجـــە) بەپرتاو خۆی بەژوور دادەکات و یەکە بەیەکەی ژوورەکان دەگەڕێ دەبینێ کەســـی لێنییە، بەهاواروقیژەوە بـــە براژنەکەی دەڵێ کوا ئەو کوڕەی هاتە ژوورەوە لەکوێت شـــاردۆتەوە، براژنەکەشـــی خۆی لێ نەزان دەکات و بەتوڕەییـــەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: کچێ جارێکی تر قسەی وا نەکەی، ئەوە ماڵەکە لە پێشتە بگەڕێ تا دەیدۆزییـــەوە، ئەگەر دۆزیتەوە حەیام ببە، ئەگەر نەتدۆزییەوە هەرچی خراپ بێت پێتی دەکەم، ئەم مشـــتومڕە ماوەیەك دەکێشـــێ و(لەنجە) لە دۆزینەوەی کوڕەکە بێئومێد دەبێت و پێی دەڵێ: دەزانم بەســـەربان بەڕێت کرد، بەس وەرە پێم بڵێ بۆ وادەکەی براکەم چ خراپییەکی بۆ تۆ هەیە..؟ ئەگەر پێی نارازی خۆ جارێ منداڵتان نەبووە، ئاســـاییە داوای تەڵاقی لێبکە و جیابەوە لێی بۆ خیانەتی لێدەکەی...(لەنجە) بەنیازبوو بە قسەی خـــۆش دانپیانانی لێوەربگرێت، هەر وەك خۆی بۆ ئێمەی باســـی کردووە قسەکانیشـــی لای ئێمە بەشێوەیەکی یاســـاییانە تۆمارکراوە، بەهەرحاڵ وەك خۆی پێی گوتین: مەبەســـتم ئەوەبـــوو دان بە هەڵەکەی خۆی بنێ و ئینجا وای لێبکەم واز لەوکارە هەڵەیەی بێنێ، چونکە لەوانەیە ســـەری تیابچێ و ئابڕووی ئێمەش بچێت، بەڵام قســـەکردن لەگەڵی بێســـوود بوو، ئەو هەر ســـوور بوو لەســـەر نکوڵی کردن لێی، ئەوەبوو منیش بڕیارمدا و گوتم: ســـوێندبێت، کە من بە چاوی خۆم ئەو کوڕەم بینی، هەر دەبێ بەســـەر تاوانەوە بتگرم و لەدەمی خۆت دانپیانان ببیستم.

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە لەســـەر قسەکانی دەڕوا و دەڵێ: بەڕاستی (لەنجە) کچێکی تا بڵێی بەحەیا و بەئەدەب بوو، هەڵەی باوك و براکانی گەیاندییە ئێرە، ئەگەر کەللەرەقی و بێ عەقڵی و نەزانی باوك و براکانی نەبووایە، پۆلیس ناچار نەدەبوو ئەو کچە لێرە دابنێ بۆ پاراســـتنی، ئەوە تەنیـــا هەفتەیەك لێـــرە مایەوە، بەڵام شـــەو و ڕۆژ دەگریا و دەینالاند و دەیگـــوت: توخوا من شـــوێنم ئێرەیە، براژنەکـــەم تاوانی کردووە من چی بکەم... بەهەرحاڵ (لەنجە) دیابوو سووربوو کە کارە هەڵەکەی براژنەکەی بە بەڵگەوە ببینێ، ئیتر چەند جارێکی تر خۆی لێ مەڵاس داوە، ڕۆژێك دەڵـــێ دەچمە پەیمانگا و بە براژنەکەی دەڵێ دەرگاکە لەدوای من داخە، بـــەڵام کە دەڕوا کلیلی ژوورەوە لەگەڵ خۆی دەبات، لە شـــوێنێك خۆی مەڵاس دەدات و دەبینێ هەمان شـــتی جارانـــە، ئەمجارە دەچێتە ماڵی دراوســـێیەکەیان و دەڵێ کەســـمان لەماڵ نییە و کلیلیشم لە ماڵەوە لەبیر کردووە بەسەربانی ماڵی ئێوە دەچمە سەربانی خۆمان و دەرگای ماڵەوەمان دەکەمـــەوە، ئەوانیش دەڵێن بڕۆ، لەســـەربان بەرمیلێك دێنێ و بەســـەری دەکەوێ تا بتوانێ بەسەر دیوارەکەوە بکەوێ، بەهەرحاڵ بەهەر زەحمەتێك بێت بەســـەردیوارەکە دەکەوێ و خۆی بۆ سەربانی خۆیان تێهەڵدەدا لەوێ بەهێواشـــی و بەپارێز دێتە خوارەوە و گوێی لەدەنگە دەنگێکی نزم دەبێت کە هی هەردووکیان دەبێ، وردە وردە و بە نەرمی دێتە خوارەوە و لەدەنگەکە نزیك دەبێتەوە تا دەزانـــێ لەکام ژوورە، ژوورەکە نیوەی دەرگاکەی کرابۆوە، لەســـەرەخۆ سەری دەباتە پێشەوە و دەرگاکە بە ئاستەم لەسەرخۆ دەکاتەوە و لە سوچێکی کەمی دەرگاکە بەشێکی لەشی هەردووکیان دەبینێ کە ڕووتن، ئیتـــر دەزانێ کە ئـــەوان وا تێکئاڵاون و ئاگایان لەکـــەس نییە و پێکەوەن، ئەویـــش بڕیاری خۆی دەدا و لەپڕ وەکو بروســـکە دەرگاکە دەکاتەوەوە و ڕووبەڕووی هەردووکیان ڕەق ڕادەوەســـتێ، سەیرێکی براژنەکەی دەکات و تفێکـــی ڕووبەڕووی لێدەکات و بەکوڕەکەش دەڵێ هەســـتە کوڕی ناپیاو هەتا بەکوشـــتنم نەداوی لەو ماڵە بـــڕۆ دەرەوە و ون بە، کوڕە بەپەلە پەل جلوبەرگەکانـــی کۆ دەکاتەوە و لـــە دەرەوەی ژوورەکە لەبەری دەکات و بە براژنەکەشـــی دەڵێ: ها ڕەنگ زەرد و پەرێشان و بێ دەم و زار ماوی، بۆ قسەناکەی، بۆ نکوڵی ناکەی؟

پاشـــان (لەنجە) بڕیار دەدات بە براکەی بڵێ بەڵام نایڵێ، هەر چۆنێك بێت چەند ڕۆژێك ئەو مەسەلەیە لەمێشکی دەخولێتەوە، ئینجا بڕیار دەدات بە براکەی بڵێ، بەڵام تا ئەو بە براکەی دەڵێ، براکەی بەخۆی گومانی لێدەکات و دواتر بەڵگە لەسەر ژنەکەی خۆی بەدەست دەکەوێ، براکەی و براکانی تری و باوکیشـــی دێنە سەر ئەو بڕوایەی کە (لەنجە)ش لەگەڵ براژنەکەی دەســـتی تێکەڵە و ئەوکارانە دەکـــەن، هەر چەند هاوار دەکا و دەقیژێنێ کە ئەو چاکە و تەنیا ژنەکەی ناپاکی لێکردووە و مەسەلەکەی زۆر گەورە بووە لەلای بۆیە نەیتوانیوە دەمودەست بڕیار بدات کاروکردەوەی براژنەکەی ئاشـــکرا بکات، هەموو ئەو قســـانە بێســـوود دەبێ و بڕوای پێناکـــەن، ئیتر کە کۆدەبنەوە و بڕیار دەدەن هەردووکیان بکوژن، دایکی بە مەســـەلەکە دەزانێ و دراوسێیەکیان هەواڵ بۆ (لەنجە) دەنێرێ کە بڕواتە بنکەی پۆلیس و خۆی دەرباز بکات و شکایەت لە براکانی بکات کە بەبێ گوناە و تاوان دەیانەوێ بیکوژن، کە(لەنجە) هەواڵەکەی پێدەگات دەچێتە بنکەی پۆلیس، پۆلیسیش لەســـەر بڕیاری دادوەر لە بنکەی چاکسازی دادەنێت بۆ پاراســـتنی، پاش ئەوەی هەفتەیەك دەمێنێتەوە کە دێتە دەرەوە بەو شێوەیە دەیکوژن کە زانرا، دیارە براژنەکەشیان کوشتووە، بکوژیش برای (لەنجە)یە و هەڵاتووە، ماڵی باوکیشی هەموویان ماڵیان بارکردووە و کەس نازانێ بۆ کوێ چوون.

●●●

**کچە هێشتا خوێنەکەی گەرم بوو، ئەوەندە خوێنەی لە لەشی مابوو زۆر لە سەرخۆ لە شوێنی گوللەکە دەچۆڕا و دەهاتە دەرەوە**

●●●

●●●

**دوو ڕۆژ پێش ڕووداوەکە (لەنجە) لە بنکەی چاکسازی نەوجەوانان بوو، هەر کە هاتبووە دەرەوە ڕۆژی دواتر کوژرابوو**

●●●

●●●

**عەقڵ و بیرکردنەوەی هەندێ لە پیاوانی کۆمەڵی ئێمە هێندە نامەنتیقەو بۆی ناکرێ ڕەش و سپی لێک جیابکاتەوە، زۆرجار تاوانبار و بێ تاوان، گوناهبار و مرۆڤی خاوێن وەک یەک تەماشا دەکات، (لەنجە) لەبری ئەوەی وەک کچێک هەوڵی ئاشکراکردنی گوناهێکی داوە ڕێزی لێبگیرێ، کەچی لەلایەن بنەماڵەکەیەوە ئەویش وەک تاوانبار سزا دەدرێ**

●●●



# کوشتنێکی نادیار
# لە بارودۆخێکی تەمومژاویدا

کوشتنی نادیار و لە بارودۆخـــی ئاڵۆز و پڕ تەمومژاوی یەکێکە لە کارە قورســـەکانی هەر لێکۆڵەرێـــك، چونکــە لــەم دۆخــەدا گیانی مرۆڤێـــك ژێـــر گڵ نراوە، تاوانبارێکیش کە نەناســـراوە خـــۆی وون کردووەوە.

بـــە نـــە دۆزینەوەی ئـــەو تاوانبـــارە گیانی بێتاوانـــی ئـــەم مرۆڤە بەخۆڕایـــی بـــە فیڕۆ دەڕوات و تاوانبارێکیش لـــە دەســـت دادگا و یاسا دەربازی دەبێت... کوشتنی (سابیر)ش لەم شـــێوەیە، ئەو پیاوە،لە شـــەوێکی تاریکـــی ئەنگوستەچاودا لە ناو کۆڵانەکـــەی خۆیـــان، لە نزیـــك ماڵەکەیان بە چەند فرسەخێك دوورتر، تەقەی لێدەکرێت، پاشان دەدرێتە بەر چەقۆ و ئەتك دەکرێت، مەیتەکەشـــی هـــەر لـــەوێ فـــڕێ دەدەن... دادگا نزیکەی شەش مانگان خەریکی لێکۆڵینـــەوە دەبێ، بێ ئـــەوەی دەربکەوێت کە بکوژەکـــە کێیـــە.. جا بزانیـــن وردەکارییەکانی ئەم تاوانە چـــۆن بوو، لـــە کـــوێ روویـــدا و هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوە بەچی گەیشت...

### شەوی تاوانەکە

ئەو کۆڵانەی (ســـابیر)ی پێدا دەڕۆیشتە سەر کار و ئێواران دەهاتەوە هەر ئـــەو کولانەش بوو کە دەیگەیاندە ماڵەکـــەی خۆی،(ســـابیر) دوو ژنـــی هێنابوو، ژنی یەکەمی منداڵی لە بارچووبوو، بەسەر منداڵەوە مردبوو، چ منداڵی لەوی نەبووبوو لە ژنی دووەمیشی تەنیا دوو کوڕی شـــەش حەوت ساڵی هەبوو.. (سابیر) نزیکەی حەوت ســـاڵێك دەبوو ماڵی لەو کولانەبوو ناخۆشـــی و عاجـــزی لەگەڵ کەســـدا نەبـــوو... (حەمەدەمین)ی هاوسێی شەوی تاوانەکە بەمشێوەیە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: کاتژمێـــر چـــواری بەرەبەیانی بوو، دنیا تـــەواو تاریك بوو، دنیا تا بڵێی ســـارد و سۆڵ بوو، سەر لە ئێوارەوە بارانێکـــی بەخوڕ دایکردبوو ، ناوە ناوە دەیبڕیەوە و پاش نیوکاتژمێرێك دووبارە بەخوڕ دەبارییەوە.. (حەمەدەمین)

بەردەوام دەبێ و دەڵێ: جا ئەو شەوە من دوو مەنجەڵە نۆك و لۆبیام ئامادە دەكرد و لەسەر پایسكیلەكەم دادەنا و بۆ بازاڕی ناو شار ملم لێدەنا، بەر لەوەی دەرگا بكەمەوە و بڕۆم، گوێم لە دەنگی تەقەیەك بوو، پاشان تەقەی دووەمیشم بیست، منیش بەسرتە و كەمێك بە پارێزەوە بە هێواشی دەرگاكەم كردەوە و لە سوچێكی تەسك و بچووكی دەرگاكە سەیری دەرەوە كرد، بینیم دوو كەس دەستەویەخەیانە لەگەڵ كەسێك و چەند چەقۆیەكیان لێدا و بەریاندایەوە و پاشان رایانكرد، منیش هاتمە دەرەوە بزانم كابرا كێیە، ئاخۆ ماوە یان مردووە، چەقۆكەم هەڵگرتەوە و دواتر فڕێمدایەوە كاك(سابیر) ی دراوسێمان بوو، چەندی لێمپرسی كوڕە (سابیر) ئەوانە كێ بوون، نەیتوانی دەم لێكبكاتەوە، لە گیانەڵادابوو، دوای چەند ساتێك هەناسەی لە بڕ بڕا و مرد.

بەجێمهێشت و گەڕامەوە ماڵەوە خێزانەكەم بە ئاگا هێناو هەواڵەكەم پێگوت، هەر چۆنێك بێت دوای كاتژمێرێك و نیو بڕیارماندا دەرو دراوسێكان ئاگادار بكەینەوە، یەكەمجار دراوسێكەی تەنیشتمان و دواتر ئەوانیتریش بە هەر حاڵ تا رۆژ بۆوە، پۆلیس ئاگادار كرایەوە، لێكۆڵینەوە و گوفتار وەرگرتنی پۆلیس دەستی پێكرد هێندەی نەبرد من خۆم لە بەندیخانە دیتەوە.

## بكوژانی راستەقینە كێن؟

بەیانی رۆژی رووداوەكە كە پۆلیس هاتنە سەر تەرمەكە، ئەو شتانەی كە تاوانەكەی پێكرابوو، كە دەمانچەیەك و چەقۆیەك بوو، هەڵگیران و تەرمەكەشی برا بۆ توێكاریكردن.

ئامڕازەكانی تاوانەكە برانە پشكنین لە جێبەڵگەی تاوان، جگە لە (حەمەدەمین) سێ گومانلێكراوی تریش دەستگیر دەكرێن، تاوەكو لێكۆڵینەوە بە ئاكامێك دەگات، لە كاتی لێكۆڵینەوەدا لەسەر بڕیاری دادگا پەنجە مۆری هەموو گومانلێكراوەكان وەرگیرا و پەنجەمۆری (حەمەدەمین) لەسەر چەقۆ دەركەوت..!

بە بڕیاری دادگا بووە گومانلێكراوی سەرەكی لەو تاوانە كە تەرمەكەش برایە نەخۆشخانە بۆ توێكاری، لە پشكنیندا دەركەوت كە كابرا یەكەمجار لە رووی پێشەوە گوللەیەكی بەر شانی چەپی كەوتووە، دواتر لە پشتەوەڕا گوللەیەك لە پشتی دراوە لە سنگی دەرچووە، ئەوەی پشتی یەكەمجار ئێسكی دەفەی شانی ورد كردووە، پاشان رێك سیپەلاكی هەڵزڕیووە ئینجا دەرچووەتە دەرەوە، ئەوەی دووەمیشی گۆشتا و گۆشت لەلای شانی چووەتە ژوورەوە لە پشتەوە كونێكی گەورەی لێكردووە، وەك پشكنین دەریخست كابرا بەر لەوەی چەقۆی لێبدرێت توانیویەتی بەرگری بكات، بەڵام چونكە چەقۆیەكیان لەسەر دڵی داوە و یەكێكی تریش گەدەی كون كردووە، هێزی لەبەر بڕاوە و كەوتۆتە سەر زەوی و پاش كەمێك گیانی داوە.

## پاش هاتنەوەی راپۆرتی توێكاری

وەكو لە دۆسییەكەدا تۆماركراوە ئێمەش بە وردی سەیرمان كرد، دەركەوتووە كە ئاراستەی دادگا ئەوەبوو كە بزانێ (حەمەدەمین) بۆچی و چۆن ئەو كابرایەی كوشتووە؟ (حەمەدەمین) چەند جارێك وتەی داوە كە ئەو تەنیا دراوسێیەكی كوژراوەكەیە و هیچی تر و بەرێكەوت بەسەر رووداوەكەدا كەوتووە.

بەڵام لێكۆڵینەوە گرنگییەكی زۆر بەم وتانە نادات.

با (حەمەدەمین) بەخۆی بە تەڵەوە بوونی خۆی و گیرانی بەناهەقی و دواتر بێتاوان بوونیشی باس بكات.

(حەمەدەمین) دەڵێ: كە دەستگیركرام سەرم سووڕما، باشە خۆ من خەڵكم لەو تاوانە ئاگاداركردەوە و هەر منیش بوومە هۆی ئاگاداربوونەوەی پۆلیس، ئێستا بۆ بوومەتە تاوانبار، نازانم!! ئەمەم رووبەڕوو بە لێكۆڵەر و دادوەریش گوت، ئەو قسانەم سوودی نەبوو، گوتیان پەنجەمۆری تۆ لەسەر خەنجەرەكەیە، گوتم من هەڵمگرتەوە بزانم چییە، خۆ دەمانچەشی لێبوو، كابرا دراوسێمانە و هیچ ناخۆشی و عاجزییەكمان لە نێواندا نەبووە، ئەوەتا خێزانەكەی و كەسووكاریشی سكاڵایان لە دژی من نییە و دەڵێن بێتاوانم، بۆ تاوانبارم دەكەن.

لێكۆڵینەوە شەش مانگی رەبەقی خایاند و لەو ماوەیەشدا چەندین كەس لێكۆڵینەوەیان لەگەڵدا كرا و چەندین كەسیش وەكو شایەت گوفتاریان وەرگیرا، لە هیچیاندا شتێك دەرنەكەوت كە نیشانەی تێوەگلانی (حەمەدەمین) بدات.

كە لێكۆڵینەوە بەبن بەست دەگاتن لەبەر نەبوونی بەڵگە و نەبوونی هۆیەك تێوەگلانی (حەمەدەمین) بسەلمێنێ، دادگا ئازادی دەكات، بەڵام كەی دوای نزیكەی چوار مانگ و نیو.. سەیر لەوەدایە ئامڕازەكانی تاوانەكە دەستكەوتوونە كەچی تاوانباران بزرن، بۆیە لێكۆڵینەوە بۆ كاتی پەیدابوونی بەڵگە هەڵپەسێردراو و ئێستا و ئێستاش تاوانباران نەدۆزرانەوە و كەس نەیزانی كێ بوون و چۆن وا بە تۆكمەیی ئەو تاوانەیان ئەنجامدا و وەها بەسەركەوتوییش خۆیان دەرباز و ون كرد، ئەوە ماوەش دۆسییەكی گەورەی لێكۆڵینەوەیە بەبێ بوونی تاوانبار و بە فیڕۆچوونی خوێنی مرۆڤێك كە كەس نەیزانی لەسەر چیش كوژرا، نە خێزانی نە كەسوكاری گومانیان لە كەس نەبوو، گومانی هیچ جۆرە دوژمنایەتییەكیشیان نەدەكرد، بە هەر حاڵ دۆسییەی ئەم كێشەیە داخرا تا رۆژی پەیدابوونی بەڵگە..

●●●
**سابیر دوو ژنی هێنابوو، یەكێكیان بەسەر منداڵبوونەوە مردبوو لەوەی دیكەشیان دوو كوڕی هەبوو**
●●●

●●●
**سەیر لەوەدایە ئامرازەكانی تاوانەكە دەستكەوتوون كە چی تاوانباران بزرن، بۆیە لێكۆڵینەوە تا كاتی پەیدابوونی بەڵگە هەڵپەسێردران**
●●●



# لوقمان

# چۆن لە پرۆسەی ژنهێنان فێڵی لێکرا ؟

(لوقمان) کە تەمەنی گەیشتبووە سی وپێنج ساڵی و هێشتا ژنێکی بەنسیب نەبووبوو، چی داخوازییەکیشی کردبوو دواجار رەتیان کردبۆوە، جا یان کچەکە رەتیدەکردەوە یانیش ماڵەکە، دایك و باوکی پێی رازی نەدەبوون، هۆیەکەشی تەنیا ئەوەبوو وەکو خۆی دەیگوت: کاکە وەڵڵا تەنیا و تەنیا بەدبەخت و چارەڕەشم ئەگەرنا ئەوەتا دەمبینی چ خەوشێکم هەیە..؟ بۆیە زۆر بێئومێد ببوو کە کچێکی دەستکەوێت.

ئیتر یەك دوو برادەری بە گوێیاندا چرپاندبوو لەوانە(عیسا )ی نزیکە هاوڕێی پێی گوتبوو: کاکە دیارە بەخت و نسیبی تۆ وایە، کچت بەنسیب نەبێ، واباشە بۆ خۆت بێوەژنێك بخوازیت... ئەویش لە بێ دەسەڵاتیان و لە بێئومێدیان تەسلیمی ئەو بیرۆکەیە دەبێت.. ئەم بەسەرهاتەی دەیگێڕینەوە بەسەرهاتێکی راستەقینەی پیاوێکە خۆی بەسەری هاتووە، کابرایەك وا نیشاندەدات کە گوایە خوشکێکی بێوەژنی هەیە و دەیەوێ بەمێردی بدات، رێکەوت وا دێتە پێشەوە قسە لەگەڵ(لوقمان) بکات و بیداتە ئەو، لەسەر هەموو شتێ رێکدەکەون بەتایبەتیش بڕی مارەیی پێشەکی کە لەسەر (٣)ملیۆن و بیست مسقاڵ زێڕ پێکدێن، (لوقمان)ی بەدبەختیش دوای دوو رۆژ لە رێکەوتنەکەیان مارەییەکە ئامادە دەکات و پوختە و جوانیش لەدەست کابرای گوایە برای ژنە بێوەژنەکەی دەکات، بەڵام چارەنووسی ئەو بڕەپارەیە و زێڕەکان چی لێدێت و حەقیقەتی ئەو کابرایەی کە گوایە خوشکە بێوەژنەکەی داوەتێ چییە؟ با لە زاری (لوقمان) خۆی بزانین.

●●●

زۆر کچم داخوازیکرد، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێ رێکنەدەکەوت، دواجار برادەرەکانم ئامۆژگارییان کردم بێوەژنێک بخوازم

●●●

## دەستنەکەوتنی ژنێکی گۆنجاو

کابـــرا لە تەمەنێکـــدا دەبێت لای خۆمان پێـــی دەگوترێ پیرەکوڕ، کە لەو قۆناغەی ژیانیشـــی رێکەوتی کچێك نـــەکات بیخوازێت دیارە دووچاری جۆرێك لە هەســـتکردن بە نائومێدی دەبـــێ، بەهەرحاڵ با خۆی بەســـەرهاتی خۆیمان بۆ بگێڕێتەوە و بزانین چی بەســـەرهاتووە (لوقمان) دەڵێ: من لە خێزانێکم ســـێ بـــرای لەخۆم بچوکتر پێش من ژنیان هێنا و منیش هیچ لارییەکم لەوەدانەبوو، تا تەمەنی (٣٠)ساڵیش لەو بڕوایە دابووم باجارێ پەلەی ژنهێنانم نەبێت، بەڵام کە گەیشـــتمە تەمەنی (٣٥)ساڵی بەخۆکەوتم، چونکە کە دایکم و خوشکێکی بەمێردم بۆ هـــەر داخوازییەك دەنارد کە دەیانگوت تەمەنـــی ئەوەندەیە نارازی دەبوون، یـــان دەیانگـــووت داواکاریمان ئەو شـــتانەیە و منیش ئەگەر داواکارییەکانم پێ هەڵنەسووڕابا، دەبوو بەخۆمان واز لەمەسەلەکە بێنین و پاشەکشـــە بکەین و چیتر نەچینەوە بەدوایـــا، زۆر کچم داخوازیکرد ئیتـــر لەبەر یەکێ لەو هۆیانە، یـــان هۆی تر کە نەمدەزانی چییە رێك نەدەکەوت و مەسەلەکە شکستی دەهێنا و منیش هێندەی دیکە نائومێد و بێ هیوا دەبووم، یـــەك دوو هاوڕێم هەبوو تەگبیری ئەوەیان بۆ کردم کە هەوڵدەم بێوەژنێك بخوازم ئەوەیان باشـــترە لەو کچانەی کە داواکاریان زۆرە و بەمن هەڵناگیرێت، بیرۆکەکە ســـەرنجی راکێشام و بیرم لێکردەوە و دواجار لەمێشـــکم چەســـپا، من ئێواران دەچوومە دوکانی یەکێ لە برادەرکانم کە ناوی (عیســـا) بوو، ئەو برادەرەم نووسینگەیەکی کڕین و فرۆشـــتنی زەوی و خانووی هەبوو، ناوە ناوەش پیاوێك دەهاتە ئەوێ و گوایە خانووی بەکرێ دەوێ، دەهاتە ئەوێ نیو کاتژمێرێك دادەنیشت و گوێی لە قسەی ئێمە دەگرت.

### کابرا ئامادەیی خۆی دەربڕی کێشەی ئەو برادەرە چارەسەر بکات

(لوقمان) لە قســـەکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: رۆژێ پاشـــنیوەڕۆ ســـەرودڵم زۆر نارەحەت بوو، ئـــەو رۆژە دایکم و خوشـــکم چووبوونە داخوازی کچێکی قەیرە کەچی داوای (٥٠)مسقاڵ زێڕیان وەك نەخت کردبوو، منیش گوتم ئەی قوڕم بەســـەر ئەوە قەیرەیە ئەو داوایەی هەیە ئەگەر کچێکی چواردەساڵی بایە داوای چی دەکرد، یەکێ لە برادەرکانم گوتی: وەڵڵا کاك(لوقمان) چـــارەی دەردی تۆ تەنیا ژنێکی جاحێڵی قەیرەیە و بەس، ئەو کابرایەی کە هەموو رۆژێ دەهاتە نووســـینگە ئەو رۆژی کە ئێمە لەو قســـانەدابووین لەوێ دانیشتبوو دوای تەواوبوونی قســـەکانم بەمنی گوت کاك(لوقمان) ئەگـــەر زەحمەت نەبێ تا دەرەوە بێیت دوو قســـەم لەگەڵت هەیە، منیش گوتم باشـــە واهاتم کە چووینە دەرەوە کابرا گوتی: ناوم(ســـەلاح)ە و چەند رۆژێکیشە هاتووچۆی ئەو نووســـینگەیە دەکەم و خاوەنەکەی دەزانێ ماڵمان لە کوێیە لەم گەڕەکە، من تۆم زۆر بەدڵە و کابرایەکی راســـتگۆ و دڵپاکی بەڵام بەڕاستی لە ژنهێنـــان بەختت نییە، جا مادام پیاوێکی واباشـــی و نیازی ژنهێنانت هەیە، من ئامادەم بەهەموو شێوەیەك یارمەتیت بدەم..

منیش گوتم ئاخر چـــۆن، بەچی یارمەتیم دەدەی، گوتی: من زۆر حەز دەکەم خزمایەتی لەگەڵ پیاوێکی وەك تۆ بکەم و پێی سەربەرز بم، من خوشکێکی بێوەژنم هەیە و هەمووی یەك مانگ لەلای مێردەکەی بووە و بە رووداوی ئۆتۆمبێل گیانی ســـپارد، تەمەنی هەر(٣٠)ساڵێك دەبێ و ئادگاریشی جوانە و زۆریش کابانە، لە ناو وناوبانگیشمان بپرسە بزانە چۆن بنەماڵەیەکین، مادام تۆ پیاوێکی خاوەن کەســـایەتی خۆتیت من خوشـــکەکەی خۆمت پێشـــکەش دەکەم ئەگەر تۆ رازی بیت تەنیا نەختەکەی پێشـــەکی بدە و بۆ خۆی ناوماڵەکە و جلێکی خۆی بکڕێ هیچی تری ناوێت... منیش بەڕاستی قسەکانیم زۆر پێ ماقووڵ بوو، بـــە کابرایەکی زۆر بەڕێزم هاتە پێش چاو و چەندی دەمکرد نەمدەزانی چۆن سوپاسی لێبکەم، پێمگوت: کاکە وەڵڵا زۆریشت لێ مەمنوون دەبم و پێ ســـەربەرز دەبم ئەگەر تۆ ئـــەو پیاوەتییەم لەگەڵ بکەی، بەس با تۆزێك بیریشی لێبکەمەوە، گوتی باشە ئەوەبوو هەربۆ بەیانی گەیشتمە بڕیاری خۆم و گوتم: کاکە دەتوانم خوشکەکەت ببینم، گوتی: بەڵێ با بچینە ماڵەوە بیبینە، ئەوە بوو پێکەوە چووینە ماڵیان، ژنە زۆر زیرەکانە خۆی رازاندبۆوە بـــە جۆرێك هەم جوان دەربچێ و هەمیش خۆی گران نیشـــان دەدا، کە چـــاوم پێیکەوت بێ بیرکردنـــەوە بەکابرام گوت کاکە رازیمـــە، مارەییەکەییم پێ بڵێ با بزانم چەنـــدە، گوتی:(٣) ملیۆن و بیســـت مسقاڵ زێڕە، بێ لێکدانەوە و بیرکردنەوە گوتم رازیمە، دەستمان لەناو دەســـتی یەك ناو ناوی خوامان لێهێنا، بەڵام گوتی یەك شـــەرتم هەیـــە، گوتم: چییە؟ گوتی: یەکەم جـــار تەنیا خۆت وەرە داخوازی و خۆت و خوشـــکەکەم بیبرێننەوە تا ئەگەر ژنـــەکان پێی رازی نەبوون نەتوانن تێکیبدەن ئیتر کابرا رۆیشـــت و رۆژی دوایی پارەکە و زێڕەکەم هێنـــا و چووینە ماڵی ئەوان و وەکو چـــۆن لەگەڵی پێکهاتبووم وامان کـــرد و بڕە پارەکە و زێڕەکەم پێدا، بڕیاریشـــماندا بۆ دوو رۆژی تر ژن بێـــن و مەلاش لەگەڵ خۆیان بێنن بۆ مارەکـــردن و گێڕانی ئاهەنگی شەکراوخواردنەوە.

من بەو پەڕی بێ ئۆقرەیی و خۆشـــییەوە چاوەڕێی هاتنی رۆژەکەم دەکـــرد، جوان جوانیش خۆم لەلای ســـەرتاش رێك وپێـــك و رازاندبۆوە، رۆژەکە هات و منیش دایکم و پورەکانم و خوشکمم لەگەڵ خۆم برد بۆ داخوازیکردنی کچەکە، کەچـــی چ ببینم؟ کە لە دەرگای ماڵەکەمان دا، کەس دەرگای لێنەکردینەوە چەند جارێکی تریش پیامان کێشـــا هەر کەس نەیکردەوە.

ئەوەبـــوو لەگەڵ لێدانەوەی دەرگاکەیان ئافرەتێکی دراوســـێیان هاتە دەرەوە و گوتـــی: ئەوانە لەماڵ نیـــن و خانووەکە چۆڵە، گوتمان: یانی چی چۆڵە دوو رۆژ پێش ئێستا ئێمە هاتووینەتە ئەم ماڵە چۆن چۆڵە!؟ ژنەکە گوتی: دوێنێ ئەوان لۆرییەکیان هێنا و کەلوپەلەکانیان بارکرد و لێیاندا رۆیشتن، ئەمڕۆ خاوەن خانووەکەش هاتبوو لێیانی پرسی، گوتمان رۆیشـــتوون باریان کردووە، کابرا دەیگووت ئەوە سێیەمین مانگە کرێی خانوویان نەداوەمەتێ بڕیار وابوو دوێنێ شەو بۆی ببات کەچی شەوەکە باریان کرد و رۆیشـــتن، بە ئێمەشـــیان گوت کرێمـــان داوە بەڵام خاوەن خانووەکە داوای کرێی زیادی کردووە، گوتم باشـــە ئەی خوشـــکەکەی ئەویش لەگەڵی رۆیشـــتووە؟ گوتی: خوشکی چی! کابرا تەنیا خۆی و ژنەکەی بوون، ژنەکەشـــی منداڵی نەبوو، گوتم: چۆن خوشکی چی، من خوشـــکێکم مارە کردووە و نەختیشم داوە، ئەوە دایکم و خزمەکانمن هاتوویـــن بۆ مارەکردنی ئەمڕۆ رۆژی مارەکردنیەتی، ژنە هەر ســـوور بوو لەســـەر قســـەی خۆی و گوتی: ئەوە نزیکەی ســـاڵێکە لێرەن من نازانم کابرا خوشـــکی هەبووە یان نەء، ژنەکەشـــی ئافرەتێکی ئاوابووە، ئیتر وەســـفی ژنەکەی کرد، کتومت ئەو ژنە بوو کە گوایە خوشـــکێتی و من خواســـتوومە و ئەمڕۆش بۆ مارەکردنی هاتووم، قســـەکانی ژنە دراوسێیەکەیان هی ئەوە نەبوون بڕوا نەکرێ یان گومانی لێبکرێ، ئیتر هەر لە شوێنی خۆم سڕ بووم و دەستەوئەژنۆ دانیشتم.

دایکم و خوشـــکم چەندی کردیانە پرتە پرت و بۆڵە وجنێودان، بەڵام من کە زانیم چ ســـوودی نییە پێمگوتن ئێوە پێویست ناکات ئەو قسانە بکەن، من ئیتر بێوەژنیش ناخوازم، با بگەڕێینەوە بۆماڵ.

**کە چاوم بە ژنەکە کەوت بێ لێکدانەوە و بیرکردنەوە گوتم کاکە بە هەموو شتێک رازیم هەتا زووە با ناوی خوای لێبێنین**

## لەنێو فایلەکانی دادگاوە

# هێشتا نەمردبوو میراتەکەیان بەشکرد!



### پاڕانەوەو نوزانەوە لەبەردەم دادگا

تازە دەوامی فەرمی دادگا دەستیپێکردبوو کە دەرگەوانەکە، پۆلیس بوو، هاتە ژوورەوە سلاوێکی سەربازییانەی بۆ دادوەرکرد و پێی گوت: گەورەم پیرە پیاوێك لەگەڵ کردنەوەی دەرگای دادگا، لەبەردەم دەرگا راوەستاوەو بەگریان و پاڕانەوە پێی گوتووە خێرت دەگاتێ ئەگەر جەنابی دادوەر هات توخوا لێت دەپاڕێمەوە بمخە ژوورەوە، غەدرێکی گەورەم لێکراوە، نازانم چ کێشەیەکی هەیە، بەڵام بەخوا گەورەم زۆر دڵم پێی دەسووتێ، پێدەچێت کێشەیەکی ئاڵۆزی هەبێت.

کە پۆلیسەکە قسەکانی تەواو کرد دادوەر چاویلکەکەی لە چاوی هێنایە خوارەوە، گوتی تەمەنی چەندە؟ ئەویش گوتی: لە دەورووبەری حەفتا ساڵی دەبێت،دادوەر تۆزێك راماو ئینجا فەرمانی دا بێتە ژوورەوە، کابرا فەرمووی لێکراو هاتە ژوورەوە، دوای سڵاوکردن راستەوخۆ، بەدادوەری گوت: جەنابی حاکم لەسەر جادە فڕیانداوم دوو خانووی گەورەم هەبوو، هەردووکیانم بەکرێ دابوو پارەی کرێیەکانم کۆکردەوە و دوای چەند ساڵێك خانوویەکی هەشتا مەترم پێ کڕی بۆ خۆم لەگەڵ پیرێژنەکەم لەناوی دەژیام و بەکرێی ئەو دوو خانووەم کە بەری رەنجی ساڵەهای ساڵی کارکردنم بوو، بەهێمنی و بەتێری گوزەرانم دەکرد، ساڵێك پێش ئێستا خێزانم ئەمری خوای بەجێهێناو مرد، من بەتەنها مامەوە، کوڕەکانم هاتنە بن کلێشەم و گوتیان بابە وەرە لای ئێمەو ئەو خانوانەت بفرۆشە بەتەنها چی دەکەی، ئێمە بەدڵ و بەگیان خزمەتت دەکەین و لەسەر چاوی خۆمانت دادەنێین

پێمگوتن کوڕم وا بۆخۆم دانیشتوومەو چاوم لەدەستی کەس نییە، مەمنوونتانم وا بەپەرۆشن بۆم، بەڵام بەخودای نامەوێ ژیان نە لەئێوەو نە لەخۆشم تێکدەم، راستە ئێوە پێتان خۆشە بەڵام کێ دەڵێ ژنەکانتان رامدەگرن..

کابرای بەساڵاچوو کە ناوی حەمەدەمین بوو تاوێك لە قسەکانی راوەستاو ئەو جا بەدادوەری گوتی: ئەدی وە نییە گەورەم؟ دادوەریش گوتی: فەرموو قسەکانت تەواو بکە، حەمەدەمین دەستی بەقسەکانی کردەوەو گوتی: حاکم خۆشبێ، نەمزانی چۆن سێ خانوویان لەبن دەست دەرهێنام و تەنها هەتا کاری خۆیان کرد لای خۆیان گلیان دامەوە، کە ئامانجەکەی خۆیان بەدەستهێنا ئەوجا فڕیاندام، دادوەر کە گوێی لە قسەکانی بوو پێی گوت: ئایا بەڵگەیەکی هەیە لەسەر ئەو قسانە گوتی: بەڵگەی چیم هەبێ، پێیان گوتم خانووەکانت بەکرێیەکی زۆرتر دەدەینە کۆمپانیا، ئەو کاتی وەکو پاشایان دەژی و ئێمەش ئەگەر ویستت ژنێکی ترت بۆ دێنین، ئەگەر نا خزمەتکارێك بۆ بەکرێ دەگرین، ئینجا بێ ئەوەی قسەکانی تەواو بکات دادوەرەکە کە لێی پرسی داخۆ سکاڵات لەدژی کەس هەیە؟ ئەویش گوتی: بەڵێ لە هەرسێ کوڕەکەم و کابرایەك کە خۆی بەسدیق پێناساندم و گوتی: خاوەنی کۆمپانیام.. دادوەرەکەش لەسەر پارچە کاغەزێك دوو دێڕی نووسی و بە پۆلیسەکەی گوتی: بینێرە بنکەی پۆلیس و سکاڵای بۆ تۆمار بکەن.

### هەقیقەتی كێشەكە

وردەكاری و بنجوبنەوانی كێشەی مام حەمەدەمین یەكێ لەو ئەفسەرانە بۆمان دەگێڕێتەوە كە كاتی خۆی لێكۆڵینەوەی لەسكاڵاكەی كردووە، ئەو ئەفسەرە مەسەلەكەی بەدوورو درێژی بۆ گێڕاینەوەو گوتی: بەیانی بوو كاتێك پیرەمێردێكی غەمبار و چاو بە فرمێسكی لەڕوو لاواز هاتە بنكەكەمان و پارچە كاغەزێكی پێی بوو، كە هاتبووە بنكە كاغەزەكەی پیشانی پۆلیسەكەی بەر دەرگای دابوو، ئەویش هێنابوویە لای من، كاغەزەكەم لێ وەرگرت و خوێندمەوەو منیش پێش ئەوەی وتەكانی وەرگرم داوام لێكرد بەدرێژی سەربوردەی خۆی باس بكات تادوایی پوختەكەی بكەینە سكالاو بیبەینە بەردەم دادوەر، جا لەگێڕانەوەكەیدا بۆم دەركەوت كە پوختەی قسەكانی ئەو پیاوە پیرە ئەوەیە كوڕەكانی بەفێڵ و تەڵەكبازی هەرسێ خانووەكەیان پێفرۆشتووەو گرێبەستێكیان پێ مۆركردیە گوایە گرێبەستی بەكرێدانی خانووەكەیە بەكۆمپانیا دووسێ هەفتەی پێچوو هەر یەك دوو رۆژێك لەلای یەكێكیان بووە، ئەوەندەی پێنەچوو رۆژێك كوڕێكیان پێیگوتووە برۆ بازاڕ لە فلانە چایخانە برا گەورەكەم دێتە دوات دەتباتە ماڵی خۆیان ئەوەی گوتی منیش وامكرد، تا نزیكەی ئێوارە چاوەڕێم كرد كەچی كەس نەهات، هاتمەوە ماڵی ئەو كوڕەی كە لایان بووم كەچی ماڵەكەیان باركردبوو، ئیتر تێگەیشتم چۆن دەستیان بریوم، مام حەمەدەمین كە قسەكانی تەواو كرد كاغەزێكی دامێ گوایە ئەو گرێبەستەیە كە نیشانی دەدات خانووەكەی بەكرێ داوە، كە خوێندمەوە دەبینم گرێبەستی كڕین و فرۆشتنی خانووەو لەنووسینگەكەوە كراوە، پاشان ناوی كوڕەكانیم نووسی كە سكالای لەدژیان تۆماركردووە، دۆسییەمان بەتەواوەتی ئامادەكردو وتەكانی مام حەمەدەمینمان بەشێوەیەكی فەرمی تۆماركردو لەگەڵ دۆسیەكەی ناردمانە لای دادوەرو ئەویش پاشان خوێندنەوەی دووبارە وتەكانی مام حەمەدەمین ئیمزای لەسەر كردو فەرمانی دەستگیركردنی هەموویاندرا ئێمەش فەرمانی دەستگیركردنمان دەكردو تا نیوەڕۆ هەمووەمان دەستگیركردن كە هۆی دەستگیركردنەكەمان پێگوتن، هەموو سوێندو قورئانیان دەخوارد كەوانییە باوكیان خەڵەفاوە تێكچووە، كوڕەكان هەرسێكیان دەیانگوت كە باوكیان لەلای كەسیان نەحەواوەتەوەو ماڵیانی بەجێهێشتووە دەنا چۆن بوو كە هەموویان هەر خراپ بوون؟ كە پرسیاریشم لێكردن بۆچی خانووەكەیان لێفرۆشتووە یەكێكیان بریكارنامەی دەرهێنا كە خۆی چۆتە دادنووس و خۆی ئارەزووی فرۆشتنی كردووە، منیش گوتم كە خانووەكانی فرۆشتووە ئەی پارەكەی چی لێكردووە؟ هەموویان بەیەك ئاواز گوتیان پارەكەی بزركردووە، دیاربوو شتێك لەمەسەلەكەدا هەبوو، من وتەكانیانم وەرگرتوو و ناردمە لای دادوەر ئەویش سەر لەنوێ لێكۆڵینەوەی زارەكی لەگەڵ كردبوون و تەواو گومانی لێیان هەبوو، ئینجا دادوەر بڕیاریدا كەوا بزانێ ئایا ئەو كوڕانەی خانووی تازەیان كردووە چ بەناوی خۆیان بێت یان بەناوی خێزانیان هەروەها فەرمانی كرد كەوا ئەو كڕیارە ئامادە بكەین كە خانووەكانی كڕیوە، پاشان لێكۆڵینەوەیەكی چڕیش بكرێت لەگەڵ ئەو كەسەی كە ناوی سدیق و خۆی بە خاوەن كۆمپانیا ناساندووە

### دەركەوتنی راستی

دیارە لە كێشەكەدا تاوانێكی گەورەی ساختەكاری بەدی دەكرا، بۆیە دادوەری لێكۆڵینەوە زۆر بە جددی بە دوای هەنگاوەكانی لێكۆڵینەوەدا دەچوو، ئەوەبوو لە ڕێڕەوی لێكۆڵینەوەدا بۆمان دەركەوت ئەو گرێبەستەی بەناوی بەكرێدانی خانوو ئامادەكراوە لە بنەڕەتدا گرێبەستی فرۆشتن بووە و بە پێچەوانەوە لە مام حەمەدەمینیان گەیاندووە، مام حەمەدەمین ڕەوانەی لێژنەی پزیشكی كرا بۆ پشكنینی داخوا بزاندرێت هۆش و زیرەكییەكەی لە دەست داوە یان نا، دەركەوت هیچ نییە و زۆر بە هۆش و ژیرەو بە تەواوەتیش هۆشدار و ئاگادارە، هەر سێ براكە، بە هاوكاری سەدیق بە كارەكە هەڵساون و دوای فرۆشتنی هەر سێ خانووەكە بە ماوەیەكی كورت یەكو خانوویەكیان بۆ خۆیان كڕیووە، بەڵام ئەو كڕیارەی كە خانووەكانی كڕیووە ئاگای لەم كەین و بەینە نەبووە بۆیە دادگا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی كڕین و فرۆشتنی هەرسێ خانووی داو، گەڕاندرایەوە بۆ سەر ناوی مام حەمەدەمین و سێ كوڕەكەی و سەدیقیش بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی ساختەكاری و تەزویر درانە دادگای تایبەتمەند بۆ ئەوەی سزای عادیلانەی خۆیان وەربگرن.




**ڕۆژێكیان كوڕێكم پێی گوتم باوكە بڕۆ بازاڕ لە فلانە چایخانە دانیشە برا گەورەكەم دێت بەدوواتداو دەتباتە ماڵی خۆیان، منیش تا ئێوارە چاوەڕێم كرد هەر نەهات ناچار گەڕامەوە بەڵام بینیم ئەوانیش ماڵی خۆیان گواستۆتەوەو فێڵیان لێكردووم!!**

**مام (حەمەدەمین) ڕەوانەی لێژنەی پزیشكی كرا لەوێ دەركەوت عەقڵ و ژیری تەواوەو هیچ گرفتێكی عەقڵی نییەو قسەی كوڕەكانی ناڕاستن**



# بۆچی رووپاک کۆرپەکەی ناوس

رووپاك تەمەنی گەیشتبووە(٢٩)ساڵ کەچی جارێ هەر مێردی نەکردبوو، هۆی مێرد نەکردنی (رووپاك) تا ئەو تەمەنەش زۆر بوون، هەندێکی بۆ خۆی و هەندێکیشی بۆ ماڵەوەیان دەگەڕایەوە، بەتایبەتی باوکی، (رووپاك) بەشێکی زۆری ئەرکی بەخێوکردنی ماڵەوەی کەوتبووە سەر، بۆ هەموو شتێك دەگەڕانەوە بۆلای (رووپاك) هەر لە ئامێرە کارەباییەکانەوە بگرە تا بۆ کڕینی کەرەستەکانی خواردەمەنی و ئازووقە و پێداویستییەکانی تر، ئەو هەموو داواکاریانەش بەتەنیا بەو مووچەیەی کە لە فەرمانگەکەی وەریدەگرت پێك نەدەهات، بۆیە دەمێك بوو بیری لەوە دەکردەوە بەڵکو دوای دەوامی فەرمانگە پاش نیوەڕۆکەی لە کۆمپانیایەك کارێك بدۆزێتەوە و بتوانێ ماڵەوەیان بەخێو بکات، باوکی (رووپاك)بەهۆی ئیفلیجییەوە لەماڵ کەوتبوو، ئەگەرچی توانای کارکردنی نەبوو، تەنیا مووچەیەکی خانەنشینی هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کە کرێچی بوون و خەرجی رۆژانەش گرانبوو، نە مووچەکەی(رووپاك) و




نە خانەنشینیەکەی باوکیشـــی پێداویستییەکانی ماڵی پڕ نەدەکردەوە، ســـەرەڕای ئەوەش تەماحـــی لەوە هەبوو کە لە بەرامبەر بەمێردانی (رووپـــاك) نەختێکی زۆر وەربگرێت، (رووپاك) چونکە زۆر جوان و دڵگیر و ســـەرنجڕاکێش بوو، داخـــوازی زۆری هەبوو، جۆرەها کـــەس داخوازیان دەکرد، یەکێکیان پزیشـــکێکی پســـپۆر بوو، بـــەڵام لەبەر ئەوەی (رووپاك) ئەو پزیشکەی بەدڵ نەبوو، رەتیکردەوە، هەرچەند ئەو چەندین جار لە سەریەك بۆ داواکردنی دەستی (رووپاك) خەڵکی ناردە ماڵیان، بەڵام ئەو هەر رازی نەبوو، کابرا لەداخی ئەو چوو کچە پزیشکێکی خواست و وازی لێهێنا، (رووپاك) لە ژیانیـــدا بەتایبەتی لە تەمەنی (٢٥)ســـاڵیدا کەوتبووە داوی خۆشەویستی کوڕێکەوە کە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و بەئیمکانیات بوون، ماوەی دووساڵان لەگەڵ ئەو کوڕە پێکەوە بوون، بەڵام تەنانەت بۆ جارێکیش بەتەنیا پێکەوە لە شوێنی چۆڵ و تەنیا دانەنیشـــتن بەڵکو ئەگـــەر ژوانیان هەبووایە دەچوونە شوێنێکی گشتی کوڕە و(رووپاك) لەسەر پێکهێنانی ژیانی هاوســـەرێتی لەسەر هەموو شتێك رێکەوتبوون تەنیا ئەوەنـــدە مابۆوە کە کوڕەکە بیکاتە رەســـمی و داخوازیکەر بنێرێتە ماڵی (رووپاك)، ئەو ئێوارەیەی کە دیاریکرابوو بچنە ماڵی (رووپـــاك) کوڕەکە ئۆتۆمبێلـــە تایبەتییەکەی خۆی دەباتە گەراجی شووشـــتنی ئۆتۆمبێـــل بۆ ئەوەی خاوێنی بکاتـــەوە، لەرێگە لەگەڵ لۆرییەکی بارهەڵگر لێك دەدەن و کوڕەکە و برازایەکی کە لەگەڵیدا دەبێ دەمودەســـت گیان لەدەســـت دەدەن، کاتێك ئەو هەواڵە بە(رووپاك) دەگاتەوە لە هۆش خـــۆی دەچێ و پتر لە مانگێـــك نەخۆش دەکەوێت و دەکەوێتە ناو جێگە، کچە دەرفەتێکی زێڕینی لەدەســـت دەچێ تا نزیکەی دووساڵیش بەتەواوەتی و بێ ئەملاوئەولا رەتی هەموو ئەو داخوازیکەرانە دەکاتەوە کە دێنە داخوازیی، لە تەمەنی (٢٨)ســـاڵیدا دووبارە ئومێد دەخوازێت یەکێکی خـــۆش بوێت و ژیانی هاوســـەرێتی لەگـــەڵ پێك بێنێ، ئیتر ســـەرەڕای ئەو ئومێدە هەوڵیشـــی دەدا جگە لە کاری فەرمانبەری خۆی کارێکی دوای دەوامیش بکات، رۆژێك بەکچـــە هاوکارێکی خۆی دەڵێ ئەگەر کەســـێك هەبوو یا کۆمپانیایەك هەبوو شوێنی کارکردنی تیابێت ئامادەیە ئیش بکات بەو مەرجەی شـــوێنێکی باش و ناوبانگی باش بێت، کچەش بەدڵی ســـاف و بەنیازی یارمەتیدانی، بە برایەکی خۆی دەڵێ ئەویش بـــە هاوڕێیەکی خۆی دەڵێ کە خاوەن کۆمپانیا دەبێ، کابرای خاوەن کۆمپانیا دەڵێ شوێنمان نییە، بەڵام بـــا کچەکە بێت بزانم چی دەزانێ، ئەوســـا لەوانەیە شوێنێکی بۆ بکەمەوە.

## کارکردن لە کۆمپانیا

با یەکتر ناســـینی (رووپـــاك) و خاوەنی کۆمپانیا لە زاری برای دەستەخوشکەکەی رووپاك ببیستین و بزانین رێکەوتنی چۆن بوو چۆنیش دەســـتبەکاربوو، دەرەنجامی چی لێهات؟ ئەو کوڕە ناوی (تەها) دەبێ و بەمشـــێوەیە بەســـەرهاتی رووپاکمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: کە (رووپاك)م بینی سەد ماشەڵڵام لە جوانییەکەی کرد و سەرەتا تۆزێك دوودڵ بووم کـــە ئەو کچە جوانە حەیفە وا موحتاجی کاری دوای دەوام بێ، رەنگـــە رووبەڕووی مرۆڤێکی تەماحکاری چاوچنۆك بێتـــەوە کـــە وەك گورك مرخی خۆی لـــێ خۆش بکات و پاشان لرفی بدات، من ئەمەم بە خوشکەکەم گوت: (گوتم

رووپاك تەمەنی گەیشتبووە(٢٩) ساڵ، بەڵام هێشتا مێردی نەکردبوو، هۆکاری ئەمەش هەندێکی بۆخۆی و هەندێکی بۆ ماڵەوەیان بەتایبەتی باوکی دەگەڕایەوە

ئەگەر پێیخۆش بێت هەموو رۆژ بە ئۆتۆمبێلی خۆم هاوتووچۆی پێدەکەم بەبێ بەرامبەر و ئاگاداریشی دەبم تا لەوێ لەسەر کارەکەی دەکەوێتە سەر پێ و لە خۆی و لە کارەکەی و شوێنەکەی دڵنیا دەبێت و پێویستی بەمن نامێنێ،) خوشکەکەشی پێشنیاری براکەی پێدەڵێ و ئەویش مەمنوونی دەبێ، کە دەیباتە لای خاوەنی کۆمپانیاکە کە کوڕێکی (٢٤)ساڵی دەبێ و باوکی هەمووی یەك دووساڵێکە مردووە و ئەو لە جیاتی باوکی کۆمپانیاکە هەڵدەسوڕێنێ، کە چاوی بە(رووپاك) دەکەوێ لە شوێنی خۆی وشك دەبێ و هەر کە بابەتەکە دەکەنەوە بێ دوودڵی پێیان دەڵێ من لەبەر خاتری کاك (تەها) دادیدەمەزرێنم و حەز دەکەی لە سبەینێیەوە وەرە کۆمپانیا و هیچ رێگریم نییە ئەگەرچی شوێنی بەتاڵمان نەماوە، بەڵام مادام کچێکی باشی و لەلایەن کاك (تەها)وە هاتووی قەی ناکە، تەها گوتی: بەیانی خۆم (رووپاك)م بردە کۆمپانیا و دوای تەواوبوونیشی چوومەوە دوای و بردمەوە ماڵەوە، لە رێگەدا گوتی: خاوەن کۆمپانیاکە کە ناوی (رێباز) بوو، زۆر رێزم لێدەگرێ و ئۆفیسێکی تایبەتی خستۆتە بەردەستم بۆ ئەوەی بتوانم کارەکانم بکەم، مووچەکەشم باشە و لێی رازیم.

بەهەرحاڵ رۆژهات و رۆژ رۆیی پەیوەندی نێوان (رووپاك) و (رێباز) بەرە بەرە پەرەیدەسەند، دوای سێ چوار مانگێك گەیشتە ئاستی پەیوەندی و دواتر بووە پەیوەندی خۆشەویستی، (رووپاك) بەردەوام ئاستی پەیوەندی خۆی لەگەڵ (رێباز) پێدەگوتم، چەند جارێك وریام کردەوە کە ئەوەندە پەیوەندییەکەی تۆخ نەکات لەگەڵی، دەیگووت بەڵێنی شەرەفی پێداوم کە بمخوازێت، گوتم بابێتە خوازبێنیت مادام پێی رازیت، بەڵام لە سنووری خۆی رابیگرە تا بە رەسمی دێتە خوازبێنیت، دیاربوو ئامۆژگارییەکەی منی بەدڵ بوو کاریشی پێدەکرد، بەڵام فرۆفێڵ و زمان لووسی و جۆری بەڵێنەکانی (رێباز) زۆرتر کاری تێدەکرد، (رێباز) بەڵێنی پێدابوو کە دوای هەفتەیەکی تر بچێتە خوازبێنی، رۆژێك بەتەنیا لە کۆمپانیا دەمێننەوە (رێباز)یش وەك پێیدەگوت تۆ ئێستا ژنی منی، هەر هێندە هەفتەیەکی ترە و دێمە خوازبێنیت نامەوێ وەکو بێگانەیەك هەڵسوکەوتم لەگەڵدا بکەیت، بەهەرحاڵ لەیەك نزیك دەبنەوە هۆش و خەیاڵیان لەخۆیان نامێنێ و لەناو یەکدا دەتوێنەوە، وەختێك دێنەوە هۆش خۆیان کاتژمێر یەکی شەوە و سەبارەت بە(رووپاك)یش کار لەکارترازاوە، ئەو شەوە دایکی تەلەفۆن بۆ خوشکەکەم دەکات و ئەویش ئاگاداری من دەکاتەوە، لەکاتی گەڕان و سۆراغ کردن بۆم دەرکەوت کە تا ئەو کاتەش لەناو کۆمپانیا مابوون، (رووپاك) بەرەنگی زەردی پەرپیو و پەرێشانەوە، بەشپرزەییەوە، (رێباز)یش هەروا، زانیم شتێك قەوماوە، بەڵام هیچ کامێکیان ئاشکرایان نەدەکرد.

**ئەوەی سەیرە لەو رووداوەدا ئەوەیە کە رووپاك هێندە ئاگاداری خۆی بوو هیچ کات نەیهێشت پێ هەڵبخلیسکێ کەچی لەگەڵ رێبازدا بە قسە لووسەکانی هەڵخەڵەتاو خۆی تەسلیمی بەڵێنە سیحراوییەکانی کرد**

## ئاشکرابوونی مەسەلەکە

(تەها) بەردەوام دەبێ و دەڵێ: کە هەفتەکە رەتبوو قسەکانی (رێباز)یش نەهاتنەدی، (رووپاك) تەنگاو بوو، ئەو تەنگاوییە نزیکەی مانگێکی خایاند، کچە خەو وخۆراکی نەمابوو، رەنگ زەرد و پەریشان. (رووپاك) رۆژێك لەگەڵ خوشکەکەم مەسەلەکەی باسکردبوو، داواشی کردبوو منیش مەسەلەکە بزانم بەڵکو فشار بخەینەسەر (رێباز) و چارەسەرێکی بارودۆخەکە بکەین، هەرسێکمان پاش نیوەڕۆیەك لەگەڵ (رێباز) لە کۆمپانیا بەتەنیا دانیشتین و باسەکەمان کردەوە، دوای چوار کاتژمێر گفتوگۆ گەیشتینە ئەوەی یەکەمجار کۆرپەکەی سکی بچوێنین، پاشان دوای هەفتەیەك ئینجا (رێباز) بچێتە خوازبێنی، ئیتر دەستکرا بە جێبەجێکردنی رێکەوتنەکە، سەرەتا کۆرپەکە لەبار برا، پاشان (رێباز) چووە داخوازی و تەنیا هەفتەیەك لەگەڵی مایەوە، بەڵام هەرچی بۆ کردبوو و کڕیبوو هەمووی بۆ بەجێهێشت و خانوویەکی بچووکیشی بۆکڕی و مەبلەغێك پارەشی پێدا و تەڵاقی دا.

پاش ئەو دەرەنجامە بە چەند مانگێك(رووپاك) لە فەرمانگەکە خۆی گواستەوە و ئەو خانووەشی کە (رێباز) بۆی کڕیبوو فرۆشتی و لەگەڕەکەی خۆیان باریان کرد و ئێستا و ئێستاش نەمانزانی بۆکوێ چوون.

من و خوشکەکەم بەڕاستی خەفەتمان بۆی خوارد و زۆرجاریش خۆمان بەگوناهبار دەزانی و دەمانگووت ئێمە گەیاندمانە ئەو چارەنووسە تاڵە، ئەگەر ئێمە بەو(رێباز)ەمان نەناساندایە ئێستا ئەویش بەو دەردە نەدەڕۆیی، بۆیە کە بە کێشەکەشمان زانی هەر لەسەرەتاوە فشارێکی زۆرمان بۆ (رێباز) هێنا و ناچارمان کرد کە بەشێوەیەك چارەسەری مەسەلەکە بکات کە ئابڕووی کچەکە بپارێزێ.

## بە بەڵێن و پەیمانی ناڕاست هەڵیخەڵەتاند

زۆرجار مرۆڤ نازانێ قەدەری بەچی دەگات. (رووپاك) کە بەختی نەهێنا کوڕێکی بەدڵی خۆی خۆش دەویست و ئەویش بە رووداوی ئۆتۆمبێل گیانی لەدەست دا و ئومێدەکەی بووە بڵقی سەر ئاو، کاتێکیش کەسێکی وەکو (رێباز) دەناسێت بەڵێن و پەیمانی ناڕاست هەڵیدەخەڵەتێنێ و تووشی رۆژگارێکی تاڵی دەکات.

سەیر لەوەدایە ئەو کچە ئەوەندە وریای خۆی بووە و رێزی لە خۆی ناوە و پێی هەڵنەخلیسکاوە بەرامبەر بە ورووژێنەرەکانی دنیا، چی بوو لە ساتەوەختێکدا ئاگای لەخۆی ببڕێ و خۆی تەسلیمی بەڵێنە سیحراوییەکانی کوڕێك بکات کە هەر لەسەرەتاوە تەماحی لێکردووە..!؟

# ببورە ناتناسم ژمارەکەت لای من نییە!

ئا: هێمن قەسرەیی

**کچێک: ئەو حاڵەتە ئاساییە چونکە بە هەمان شێوە ئەوە بەسەر منیش هاتووە، ئەوان بە ئاساییان وەرگرتووە**

زۆر جار تەلەفۆن بۆ هاوڕێکەت دەکەیت، لەوەڵامدا دەڵێت ببورە ژمارەکەت لای من نییە یان دەڵێت من ناتناسم تۆ کێی؟ ئایا هیچ جار ئەوە بەسەر تۆ هاتووە؟ ئەو کاتە کاردانەوەت چی دەبێت و هەست بەچی دەکەی، بەڕای تۆ بۆچی ژمارەکەت لای هاوڕێکەت رەشکراوەتەوە؟ ئایا باوەڕ بە قسەکانی دەکەی کاتێک هۆیەکەت پێ دەڵێت؟

**ئەڵماس محەمەد ٢٣ ساڵ** دەڵێت: بەڵێ جارێك ئەوەم بەسەر هاتووە، بەڵام هۆی خۆی هەبوو، ئەو کەسە مۆبایلەکەی فۆرمات کردبوو و هیچ ژمارەیەکی لا نەمابوو، ئەمەش زۆر ئاسایی بوو لای من بۆیە هیچ تووڕە نەبووم"

**زریان خەتاب ٢٢ ساڵ**، بەڵێ چەند جارێك ئەمە روویداوە بەڵام هیچ کاتێك پێم وانەبووە کە کەسی بەرامبەر بە ئەنقەست ژمارەکەی منی لای خۆی نەهێشتبێت، چونکە بە هەمان شێوە ئەوە بەسەر منیش هاتووە کاتێك ژمارەی هاوڕێیانم لانەماوە ئەوان بەئاسایی وەریان گرتووە"

**ساکار رۆستەم٢١ ساڵ"** جارێك وا رێککەوت کارێکم بە هاوڕێیەکەم هەبوو نامەیەکم بۆ نارد، بەڵام ئەو ژمارەکەی منی لا نەمابوو، زۆر ئاسایی بوو لەلام، چونکە دەکرێت هەندێ جار بەهۆی شتێك ژمارەی هاوڕێیانمان لەلا نەمێنێ، هەروەك چۆن پێم خۆشە کە هاوڕێیانم لێم تووڕە نەبن کاتێك ژمارەکەیان لەلای من نامێنێت، بۆیە منیش بە هەمان شێوە هیچ تووڕەنابم زۆریش ئاساییە"

**کارزان عەلی ٢٣ ساڵ"** زۆر جار تەلەفۆن بۆ هەندێك کەس دەکەم کە کارم پێیانە وەڵامم نادەنەوە، کە وەڵامیش دەدەنەوە دەڵێن ببورە ژمارەکەت لای من نەماوە یان نەمزانی هی تۆیە، لەکاتێکدا هەموو جار کە تەلەفۆنیان بۆ دەکەم پێیان دەڵێم ئەمە ژمارەی منە و لای خۆت بیپارێزە، بەڕاستی زۆر جار دڵگران دەبم کە ئەم شتە روودەدات"

**تاڤگە مستەفا ٢٢ ساڵ"** وەکو خۆم هیچ کاتێك ئەوەم بەسەر نەهاتووە، بەڵام ئەگەر شتێکی لەو شێوەیەشم بەسەر هات زۆر بە ئاسایی وەریدەگرم ، دیارە هۆکارێك هەیە بۆ رەش بوونەوە یان نەمانی ژمارەی من لای هاوڕێکانم.

**محەمەد غێدان ٢١ ساڵ**، تا ئێستا ئەوە لای من رووی نەداوە بەڵام بەشتێکی ناشرینی دەزانم کەیەکێك ژمارەی منی لا بێت و بیڵێت ناتناسم، لەگەڵ ئەوەشدا جاری وا هەیە کەسێك مۆبایلەکەی فۆرمات دەکات یان دەی گۆڕێت ئەو کاتە ئاساییە، بەڵام بە ئەنقەست بێت ئەوا شتێکی ناشرینە"

**رۆژگار فاخیر ١٩ ساڵ"** هیچ جار ئەوە لەمن روونەداوە ئەگەر رووش بدات ئەوا زۆر بەئاسایی وەری دەگرم، بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆر هاندم گۆڕیوە جاری واهەبووە تەلەفۆنم بۆ هاتووە و پێم گوتووە ناتناسم، بەرامبەرەکەشم بە ئاسایی وەری گرتوو، زۆر جاریش بەهۆی دەنگیانەوە هاوڕێکانم دەناسمەوە"

**سەربەست حوسێن٢١ ساڵ"** لەراستید هەندێ هاوڕێم کەم تەلەفۆنم بۆ دەکەن، کە منیش تەلەفۆنیان بۆ دەکەم دەڵێن ژمارەکەت لای من نەماوە، بەڵام دڵنیام ژمارەکەی منیان لایە، بەڵام بۆ ئەوەی بیانوویەك بدۆزنەوە بۆ تەلەفۆن نەکردنیان ئەو قسەیە دەکەن، هەموو جار ئەمەم بەئاسایی وەرگرتووە و دڵم لێیان نەرەنجاوە.

**ئاینده ئیبرایم ٢٠ ساڵ"** هەندێك جار تەلەفۆنم بۆ هاوڕێیەکەم یان یەکێك لە خزمەکانم کردووە، پیان گوتووم ژمارەکەتم لا نییە و ناتناسم، هیچ کاتێك ئەمە نەبۆتە هۆی تووڕەبوونم، بەڵکو زۆر جار بەئاسایی وەرمگرتووە، چونکە هیچ هۆیەك نەبووە بۆ ئەوەی گومان بکەم کە ژمارەکەی منیان رەش کردبێتەوە، بۆیە پێم شتێکی ئاسایی بووە.

**فەرمان محەمەد ٢٣ ساڵ"** بەڵێ زۆر جار ئەمە روویداوە کاتێك تەلەفۆنم بۆ هاوڕێیەکم کردووە لەوەڵامدا گوتویەتی ببورە ژمارەی تۆم لا نییە، ئەمەم زۆر بەئاسایی وەرگرتووە لەبەرئەوەی لەوانەیە هاندەکەی گۆڕیبێت یان سووتابێت بۆیە ناوی منی لانەماوە.

**دینا محەمەد ٢١ ساڵ"** ئەمە بەسەر من هاتووە لە هاوینی پاردا کاتێك ماوەیەکی زۆر بوو هاوڕێیەکم هیچ تەلەفۆنی بۆم نەدەکرد، منیش لێم پرسی بۆچی بێدەنگی ئەو گوتی ژمارەی تۆم لەلا نەمابوو، بەڵام بڕوام پێی نەکرد، لەبەرئەوەی ئەگەر ژمارەکەش رەش بوویێتەوە ئەوا زۆر نامەی منی لابوو دەیتوانی بەئاسانی ژمارەکەم بزانێت"

**تالیب کوردە٣٠ساڵ"** بەدەیان جار ئەوە بەسەر من هاتووە کاتێك تەلەفۆنم بۆ کەسێك کردووە پێی گوتووم ژمارەکەتم لا نەماوە بەهەمان شێوەش زۆر جار ژمارەی زۆر کەسم لەلا نەماوە بۆیە ئەمە زۆر ئاسایی بووە لای من و هیچ کاتێك پێم ناخۆش نەبووە.

**یارا ئەحمەد ٢٣ ساڵ"** چەند جارێك تەلەفۆنم بۆ هەندێك لە هاوڕێیانم کردووە پێیان گوتووم ناتناسم ژمارەکەت لای من نییە، بڕوا ناکەم ئەوان بە ئەنقەست ژمارەکەمیان رەش کردبێتەوە، بەڵام یەکێکیان دواتر پێی گوتم لەبەرئەوەی تەلەفۆنت بۆمن نەدەکرد منیش ژمارەکەتم رەش کردەوە، هەموو جارێك ئەوە لای من زۆر ئاسایی بووە.

